# فلیمی(ڤیزەی شنگن) بەرجەستەکردنی ململانێی میسی و کرستیانۆ لە جەستەی دوو کورتەباڵای هەورامیدا



### هەڵکەوت مستەفا بۆ گوڵان:

## وەزارەتی رۆشنبیری ناتوانێت خەرجی فیلمەکە لەئەستۆ بگرێت

■ ماوەیەکە دەرهێنەری لاوی کورد هەڵکەوت مستەفا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەماییە بە ناوی (ڤیزەی شنگن) کە باس لە ململانێی نێوان هەردوو یاریزانی جیهانی لیونێل میسی و کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەکات، بەڵام ململانێیەکە لە جەستەی دوو کورتە باڵای کوردی خەڵکی دەڤەری هەورامان بەرجەستە دەکات، ئەم دوو کورتە باڵایە هەوڵ دەدەن دوو جووت کڵاشی کوردی پێشکەش بەم دوو یاریزانە بکەن، بۆیە بڕیار وایە هەر یەکە لە میسی و رۆناڵدۆش لەم فیلمە جیهانییەدا بەشداربن، بەڵام تا ئێستا ئەمە یەکلا نەبووەتەوە، سەبارەت بە دوا هەنگاوەکانی فیلمەکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ دەرهێنەر هەڵکەوت مستەفا سازکرد.■





*** کارەکانی فیلمی (ڤیزەی شەنگن) بەچی گەیشتوون؟**

- بیرۆکەی فیلمی (ڤیزە شەنگن) لە ئەوەوە درووستبوو کە دوو کورتە باڵا دوو جووت کڵاش پێشکەش بە میسی و رۆناڵدۆ بکەن، دواتر بیرۆکەیەکی دیکە هاتە ئاراوە کە ئیسپانیاشی تێدا بێت بۆ ئەم دوو کورتە باڵایە بە ئامانجی خۆیان بگەن، چونکە ئەو فیلمانەی لە جیهانی سێیەمدا بەرهەم دەهێنرێن ئامانجێکی دیاریکراویان تێدایە، ئەمەش داهێنانێکی نوێ نییە، من پار لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشەلۆنە کۆبوومەوەو گرفتی ئەوان تەنیا رۆناڵدۆ و میسییە، بەجۆرێك من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەوەندە داوامان لە ئۆباما بکردایە ئەوا بەشداری دەکرد لە فیلمەکە، چونکە ئەم دوو یاریزانە کڕین و فرۆشتنی زۆریان پێوە کراوە و چەند کەسێك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژیانی ئەوانەدا هەن کە ژیانیان سنووردار کردوون و کەس ناتوانێ ریسی ئەوانە هەڵبگرێ کە لە فیلمەکەی ئێمەدا بەشداری بکەن، ئەوان لە فیلمەکەدا بەشدار دەبن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن بەشدار دەبن، بۆیە تا ئێستا میسی و رۆناڵدۆ هۆکاری سەرەکیی دواکەوتنی فیلمەکە بوون و لەوانەیە کەسانێکی لای خۆشمان هۆکار بن، چونکە خاوەنی بەڵێنەکانی خۆیان نەبوون.

بەڕێوەبەرانی هەردوو یانەکە قەناعەتێکی زۆریان بە بیرۆکەی فیلمەکە هەبوو، بەڵگەشمانە ئەوەیە نوێنەری ریال مەدرید هات بو هەورامان بۆ بینینی کورتە باڵاکان، هەروەها باڵیۆزی ئیسپانیاش هات بۆ کوردستان و کەسانی دیکەش بە هەمان شێوە، من خۆیشم لەو کاتەی بیرۆکەی فیلمەکەم لا درووست بووە هەمیشە خەریکی هاتوچۆ بووم.

*** ئەی هیچ لە دوو یانەکە ئامادە نەبوون خەرجی فیلمەکە لە ئەستۆ بگرن؟**

- پرسیارێکی زۆر جوانە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە میسی و رۆناڵدۆ بەیەکەوە نابن ئەمەیان زۆر زەحمەتە و ئەگەر تەنیا یەکێکیان لە فیلمەکەدا رۆڵی هەبوایە دەمانتوانی تەنانەت داوای پارەشیان لێ بکەین، ئەم فیلمە باس لە ململانێی نێوان میسی و رۆناڵدۆ دەکات، بەڵام لە لەشی دوو کورتە باڵای کورددا، هەردوو یانەکەش هەر یەکیان لە بوارێکدا هاوکاریان کردین و ئامادەیی خۆیشیان دەربڕی بۆ یارمەتیدانمان وەکو یانە.

***کەواتە بارگرژی نێوان میسی و رۆناڵدۆ رۆڵی هەبوو لە دواکەوتنی فیلمەکە؟**

- بێگومان، یەکەم پرسیار کە بەرپرسی ریال مەدرید ئاراستەی کردم ئەوە بوو ئایا میسی لە فیلمەکەدا رۆڵی هەیە؟ منیش بە ترسەوە گوتم بەڵێ، یەکسەر سیما و رووخساری گۆڕا، بۆیە من پێموایە ئەم فیلمە بارگرژی و ململانێی نێوان میسی و رۆناڵدۆ زیاتر دەکات، چونکە ململانێی نێوان ئەم دوو یانەیە باکگراوندێکی سیاسیشی هەیە لە نێوان کەتالۆنیا و مەدرید، ئەمە جگە لە ململانێی نێوانیان لەسەر نازناوی باشترین یاریزانی جیهان، یەکێك لەو دیمەنانەی کە من پێموایە ئەستەمە رووبدات، ئەوەیە کە هەردووکیان لەنێو ئۆتۆمبێل بە یەکەوە دانیشتوون، بۆ رزگار بوون لەم گرفتە قسەمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی کرد کە میسی و رۆناڵدۆمان بۆ دروست بکات تا ئێستا رۆناڵدۆیان درووستکردووە و تەنیا میسی ماوە، ئەوەی بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە مارکیتینگی ئەم دووانەیە کە چۆن لە رووی یاساییەوە درێسەکانیان کە ناوی هەردووکیانی لەسەر نووسراوە بەکار بهێنین و کورتە باڵاکان لەبەری دەکەن.

*** ئەی نەتانتوانی لە لایەنی خێرخوازییەوە سوودیان لێوەربگرن، چونکە ئەوان لەم لایەنەش تا رادەیەك رکابەرن؟**

- فیلمەکە خەرجیەکانی نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار دەبێت و بە پێچەوانەی کوردستان لە هەموو شوێنێك بیزنس، کاتێك باسی پێنج ملیۆن دۆلار و میسی دەکەیت لە قالبی خێرخوازی دەردەچێت و دەچێتە قالبی بیزنس، چونکە داواکردنی چارەسەرکردنی دوو نەخۆش جیاوازە لەوەی تۆ بچی بڵێی فیلمێك درووست دەکەم و لە هەموو دونیا بڵاوی دەکەمەوە، چونکە کابرا وا هەست دەکات تۆ مەبەستت بەدەستهێنانی داهاتە لە پشت فیلمەکەوە، سەرەڕای ئەمەش ئێمە لەگەڵیان بەردەوام دەبین و دەبێ ئەم فیلمە تەواو بێت و دواکەوتنەکەشی کارێکی ئاساییە بە لای منەوە، چونکە جاری وا هەیە لە هۆلیۆد فیلم دوو ساڵ دوادەکەوێت.

***پێشکەش کردنی دوو جووتە کڵاشی کوردی لەلایەن کورتە باڵاکانەوە بە میسی و رۆناڵدۆ چ پەیامێکی هەیە؟**

-بیرۆکەی فیلمەکە هەروەك گوتم لە دوو کورتە باڵای خەڵکی هەورامان دەستیپێکرد تا دەگەنە ئامانجەکەیان، بەڵام پێشکەش کردنی کڵاشەکان پەیامێکی کلتووری و مرۆڤایەتییە، کە تۆ کڵاشێك دەکڕیت وەك ئەوە وایە کە ژیانی خەڵکێك رزگار بکەیت، چونکە کەسانێکی زۆر بژێوی ژیانیان لەسەر درووستکردن و فرۆشتنی کڵاش پەیدا دەکەن، هەروەها درووستکردنیشی خۆی لە خۆیدا هونەرێکی تایبەتە، چونکە هەمووی بە دەست درووست دەکرێت و ئەگەر جگە لە کورد هەر نەتەوەیەکی دیکە کڵاشی درووستکردایە نرخی لە ٦٠٠-٧٠٠دۆلار کەمتر نەدەبوو بۆیە دەتوانرێ بازاڕێکی گەورە تەنیا بۆ کڵاش درووست بکرێ، کاری ئێمەش وەك هونەرمەند ئەوەیە کلتووری خۆمان بناسێنین و میسی و رۆناڵدۆش لە فیلمەکە کڵاشی کوردی لە پێ دەکەن.

*** وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان چۆن هاوکاری کردوون؟**

- ئەم کارە لە توانای وەزارەت بەدەرە واتە ناتوانێت خەرجییەکانی لە ئەستۆ بگرێت، چونکە بودجەی وەزارەت زۆر کەمە ئەم فیلمەش کارێکی نێودەوڵەتییە، کەچی حکومەتی عێراقی ٥٣٠ هەزار دۆلاری سەرف کردووە نازانم حکومەتی ئێمە کاری چییە، دەمەوێ ئەوەش بڵێم ساڵی داهاتوو میسی و رۆناڵدۆ سەیری ئەم فیلمە دەکەن کەواتە دەبێ فیلمێکی پرۆفیشناڵ بێت، کاری پرۆفیشناڵیش پێویستی بە کەسانی پرۆفیشناڵ هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ٨٣ کەسم لە چەندین وڵاتی جیهان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی بێنە کوردستان ئەمەش پێویستی بە کار و پاڵپشتییەکی زۆر هەیە، فۆتۆگرافەری ئەم فیلمە فۆتۆگرافەری یەکەم فیلمی سێ رەهەندی لە ئەورووپا بووە مۆنتێر و تۆمارکەری دەنگ لە باشترینەکانن، تەنیا مۆسیقای فیلمەکە ٢٠٠ هەزار دۆلاری تێدەچێت، چونکە ئۆرکێسترای سوید و فلامینگۆی ئیسپانی و هۆرەی هەورامی و کۆمپۆسیری نەرویژی هەموویان لە فیلمەکەدا بوونیان هەیە، بەکورتی ئەوانەی لە فیلمەکەدا بەشدارن لەسەر ئاستی جیهانی ناوی دیار و خاوەن ناوبانگن، بەداخەوە لە کوردستان ئەگەر گەورەترین بیرۆکەت هەبێت بچووك دەکرێتەوە، بەپێچەوانەی ئەمریکا کە بیرۆکەیەکی بچووك زۆر گەورە دەکرێت، بۆ رزگار بوون لەم گرفتە شەش بەرپرسی درامیمان گرتووە بۆ سیناریۆکە و چەند نووسەرێکی بەڕێزی کوردیش ئاگاداری سیناریۆکەن، چونکە جاری وا هەیە تۆ سیناریۆیەکی باشت لەبەر دەستە، بەڵام لەرووی کلتوورییەوە زیانی هەیە ئەم نووسەرانە سەربەستن لەوەی چی دەنووسن بە مەرجێك بینەر چی بوێت ئەوەی تێدا باس کرا بێت، چونکە فیلمەکە زیاتر بینەرییە و بۆ خەڵکە و لەبەر ئەوەی بۆ خەڵکە دەبێ سەیری بکات باس لەو گیروگرفت و ئاستەنگانە دەکات کە دوو کورتە باڵا رووبەڕووی دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن دوو جووت کڵاشی کوردی پێشکەش بە دوو لە باشترین یاریزانەکانی جیهان بکەن.





# بریتنی لەژێر چاودێریدایە

وا پێدەچێت باری تەندروستیی ئەستێرەی گۆرانیی ئەمریکی بریتنی سپیرز باش نەبێت بەجۆرێك زۆر جار ناتوانێت بڕیاری راست و تەندروست بدات ئەمەش وای لێدەکات بەردەوام لەژێر چاودێریدا بێت.

ماڵپـەڕی ( تـی ئێم زی ) لـەم بارەیەوە بڵاوی کـردەوە کە چەند بەڵگەنامەیەك پێشـکەش بە دادگا کراوە بـۆ ئەوەی داوا لە دادوەری سەرپەرشتیاری کێشەی ویسـایەی بریتنی بکرێت تاکو چەند فایلێك دابخات، چونکە ئاشـکرا کردنی ئەم فایلانە لەوانەیە زیانێکی گەورە بـە بریتنی بگەیەنێـت، بەپێی ماڵپەڕەکە فایلـەکان بریتین لە چەند بەڵگەنامەیەکی تەندروستی کە ئاماژە بە باری تەندروستیی ئەو کچە هونەرمەندە دەکەن و جۆری ئەو چارەسـەرە پزیشکییەشـی تێدایە کە بریتنی بەکاری دەهێنێت بۆ رزگار بوون لەو نەخۆشـییانەی تووشـی هاتـوون، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە باری تەندروسـتیی بریتنی کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سـەر باری دەروونی و پێویستە لەسەر چارەسەری ئێستای بەردەوام بێت بۆ ئەوەی بە یەکجاری رزگاری بێت،لە هەمان کاتدا پێویسـتە بەردەوام بێت لەژێر ئەو چاودێرییەی کە بەر لە چوار سـاڵ بەسەریدا سەپێنراوە و هەر یەکە لە جایمی سـپیرزی باوکی و جایسۆن تراوکی دەستگیرانی بەشـدارن لەم چاودێرییە کە کار و ژیانیشی دەگرێتەوە.

## ملحم

# حەوت ساڵ نەجوای خۆشویستووە،کەچی هیوای سەرنەکەوتنی بۆ دەخوازێت

لە وەڵامی هەواڵی شـووکردنی بە ملحەم بەرەکات، خانمە هونەرمەندی لوبنانـی نەجوا کەرەم رایگەیاند کە ملحم هاوسـەر ومنداڵی هەیە و ئەو ناتوانێت پێوەندی هاوسەری لەگەڵدا ببەستێت، ملحم رایگەیاند: لەوانەیە پیاوێکی دیکە هاتبێتە نێو ژیانییەوە بۆیە ئەم قسانە بکات.

ملحم لە بـارەی پێوەندیی خۆی و نەجوا کـەرەم دەڵێت: دوو گۆرانیم ئامـادە کردووە وەك وەڵامێك بۆ هەر شـتێك کە لەنێـوان من و نەجوادا هەبـووە، چونکە پێوەندیی من و نەجـوا وەك هەنگوین وابوو، بەڵام دواتر گرفتێك لە نێوانمان روویدا، ئەویـش دوای ئەوەی لە بەرنامەی (ئەرەب ئایدڵ ) دا دەرکـەوت، چونکە من حەزم نەدەکرد لەگەڵ راغب عەلامەدا گۆرانیـی بڵێت لەبەر ئـەوەی میوانی بەرنامە بوو نەك پێشکەشـکار، ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی هیچمان لە نێواندا نەمێنێت، بۆیە ماوەی دوو مانگە نەمبینیوە، تەنانەت ژمارەی مۆبایلەکەشـی گۆڕیوە و نازانم بۆ ئەم هەڵسوکەوتەی کرد.



ملحم زیاتر وتی: چۆن نەجوا هیوای ئەوەی خواسـت من تووشی ئازار بکات،منیش بە هەمان شـێوە، هیوادارم سـەرکەوتوو نەبێت و لە ژیانیدا ئازار بچێژێت، من کاتم نییە بۆ خۆشەویسـتی و حەز دەکەم هەموو کاتم بۆ هونەرەکەم تەرخان بکەم، چونکە حەوت ساڵ مەی حەریریم خۆشویست و حەوت سـاڵ و چوار مانگیش نەجوا کەرەمم خۆشویست و ئامۆژگاری دەکەم کە ژمارەی مۆبایلەکانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی من پێی نەزانم.

# سەلما حایک: بەدەستهێنانی ئۆسکار ئاسانترە لە دەستکەوتنی هاوسەرێکی باش



ئەسـتێرەی هۆلیۆدی بە رەچەڵەك لاتینی سەلما حایك یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لە ژیانی هونەری خۆیدا سەرکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە و توانیویەتی ناوی خۆی لە هۆلیۆد بە زێڕ بنەخشێنێت .

سـەلما بەم دواییە ژیانی هاوسـەری پێکهێنایەوە لەگەڵ فرانسـوا ئۆنریی ملیاردێری بەناوبانگی فەرەنسی، سەلما ژیانی ئێستای خۆی بە(زۆر خۆش وەسف دەکات) و دەڵێ: بە ڕای من بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار زۆر ئاسـانترە لەوەی ئافرەتێکی هونەرمەند هاوسەرێکی باشی دەستکەوێت، بۆیە من هاوسەر و کچەکەم بە خەڵاتی ئۆسکار ناگۆڕمەوە.

سـەلما هەروەها دەڵێت: ئەگەر ئێسـتا پێم بڵێن تۆ حەز دەکەی ببیت بە باشترین ئەکتەری جیهان لە بەرامبەر واز هێنانت لە ژیانی هاوسەری ئەوا بێگومان ئەم داوایە ڕەت دەکەمەوە، چونکە ژیانی خۆم زۆر پێ باشترە لە هەموو خەڵاتەکانی جیهان.

# هاله سدقی بیر له كۆچ كردن دەكاتەوە

خانمە هونەرمەندی میسری هاله سدقی پاشەڕۆژی میسری دوای هاتنی موحەمەد مورسی بۆ سەر كورسی سەرۆكایەتی بە ڕەش وەسف كرد و بیرۆكەی كۆچ كردنی لە میسر بە دوور نەزانی.

هاله سدقی كە هونەرمەندێكی مەسیحی قبتیە موحەمەد مورسی سەرۆكی میسریی بە خائین لە قەڵەم دا،ئەویش بە خانەنشین كردنی موشیر تەنتاوی و گوتی: میسر لە ڕەشەوە بەرەو ڕەشتر هەنگاو دەنێت، ئیخوانەكان توانییان بێنە سەر حوكم ئەمەش پیلانێكی درێژخایەنی ئەوان بوو كە چەندین ساڵە كاری بۆ دەكەن، هاله لە دیمانەیەكیدا لەگەڵ گۆڤاری (الیوم السابع) گوتی: بەجیددی بیر لەوە دەكەمەوە بە یەك جاری میسر بەجێ بهێڵم با ئیخوانەكان بۆ خۆیان تێر بن، من بەرگەی ژیانێك ناگرم كەسانێك بەسەر مندا بیسەپێنن، لەوەش زیاتر هەوڵ بدەن ڕازیم بكەن كە ئەمە ڕاستە لەكاتێكدا ئەمە گەورەترین زۆردارییە، هاله ئەوەشی نەشاردەوە كە لە چەند ساڵی داهاتوودا میسر پێگەی ڕۆشنبیری و هونەری خۆی لەدەست دەدات و ئەو كاروانە هونەرییەی كە چەندین ساڵە بەردەوامە و میسری كردووەتە پێشەنگ لەسەر ئاستی عەرەبی و پێگەیەكی جیهانی گەورەی پێ بەخشیوە، بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و لە پێشكەوتن دەوەستێت.



# مایلی سایرۆس تەكسی دەست نەدەكەوت

لە یەكێك لە بازاڕەكانی نیویۆرك مایلی سایرۆس بە جلوبەرگێكی سەیری سەردەمی هەشتاكان بە یاوەری شین تۆماسی هاوڕێی خەریكی شت كڕین بوو، ئەم شێوازەی جلوبەرگی سایرۆس بووە مایەی سەرنجی خەڵك و كەوتنە وێنەگرتنیان.
سایرۆسی تەمەن ١٩ ساڵ كە قژی زەرد كرد بوو بە شۆرتێكی جێنز و تیشێرتێكی ڕەش و چاكەتێكی سەربازی بە چەندین ئێكسسواری زێڕ و پۆستاڵێكی ماتۆرسیكلەكان بە بازاڕەكاندا خەریكی پیاسە كردن بوو.
ئەوەی جێی سەرنج بوو سەرەڕای ناوبانگی سایرۆس كەچی تاكسییەكیان دەست نەدەكەوت ئەمەش بووە مایەی توڕە بوونی تا ڕاددەیەك یەك بە دەنگی خۆی هاواری دەكرد و تاكسی،بۆی ڕانەدەوەستان تا لە كۆتاییدا تاكسییەك(بەزەیی ) پێدا هاتنەوە و بۆیانی ڕاگرت، بەڵام هۆكاری ئەوە نەزانرا بەو دەوڵەمەندی و ناوبانگەی كە هەیەتی بۆچی سایرۆس ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی نەبوو و چاوەڕێی تاكسی دەكرد.



## محەمەد تەها بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردی هەیـــــــ



■ شاری ئاکرێ هەمیشە هونەردۆست و هونەر پەروەر بووە و زۆر لە هونەرمەندانی کوردیش گۆرانییان بۆ ئەم شـــارە دڵڕفێنە چڕیوە، هەر لەم شارەدا چەندین هونەرمەندی بە توانا و گەورە هەڵکەوتوون کە بە هونەرەکەیـــان خزمەتێکی زۆری هونەری کوردییان کردووە لە ســـەردەمە جیاوازەکاندا و تا بە ئەمڕۆ دەگات، محەمەد تەها ئاکرەیی یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە هەر لە ســـەرەتای هەشـــتاکانەوە تا ئێســـتا لە گۆرانی گوتن بەردەوامە، ئەگەرچی ئێستا وەك پێویست نییە لەگەڵ توانا و مێژووی هونەری خۆیدا، چونکە زۆر لێهاتووانە گۆرانیی فۆلکلۆری و هاوچەرخی پێشکەش بە هونەری کوردی کردووە، محەمەد تەها لەم دیمانەیەدا بەم شـــێوەیە وەڵامی چەند پرســـیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.■

***ماوەیەکـــە محەمەد تەها لە گۆڕەپانی هونـــەری بزرە، هۆکار چییە؟**

- دەتوانم بڵێم ئەمە راســـتە، بەڵام ئەگەر هاوکاری کردن بەردەوام بێـــت، بە دڵنیاییەوە مـــن بەردەوام دەبم لە خزمەت کردن و ســـاڵانە بەرهەمی نوێ بڵاو دەکەمەوە.

***کەموکوڕییەکانی هونەری کوردی لە ئێستادا چین؟**

- بە راشکاوی دەڵێم پێشـــتر هونەری کوردی لە هیچ لایەنێکەوە کەموکوڕی نەبوو، بەڵام رێژەی ئەو کەسانەی کە تێکدەری هونەری رەســـەنی کوردین زۆر زیادی کردووە، بۆیە دەبینین هونەری کوردی گەیشـــتۆتە ئەو رادەیەی پێی بڵێین کە لاواز بووە، کاتێك هونەرمەند لـــە هەموو لایەکەوە خاوەن گەنجینەیەکی هونەریی باش و دەوڵەمەند بێـــت، ئەو کات دەتوانێت کارێکی هونەری باش ئەنجام بدات، کارێك کـــە جەماوەر لێی رازی بێت و خزمەتێك بـــە هونەری میللەتەکەی بکات.

***بۆچـــی هونەرمەندانـــی کورد لـــە گۆرانییە کلاســـیکییەکان دوورکەوتوونەتەوە؟**

- چونکە بە داخەوە زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئێســـتامان ئەو توانا هونەرییەیان نییە کە بتوانن گۆرانیی کلاســـیك بڵێن بەتایبەتی توانا دەنگییەکان، چونکە گۆرانیی کلاســـیك پێویســـتی بـــە توانایەکی دەنگی زۆر هەیە.

*** پێویستییەکانی دیکەی گوتنی گۆرانیی کلاسیك چین؟**

-وەك گوتم توانای دەنگی زۆر پێویســـتە، هەروەها پێویســـتی بە توانایەکی مێشـــکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێ شیعری کلاسیکی کوردی بە تەواوی لەبەر بکرێت، چونکە لەبەر کردنی ئەم شیعرانە تا رادەیەك زەحمەتترە لە شیعری ئاسایی یان شیعری گۆرانی.

*** تـــۆ خـــۆت زیاتر حەز لە گۆرانیی کلاســـیك یـــان فۆلکلۆر دەکەیت؟**

-من بەر لەوەی گۆرانییەك بڵێم سەیری دەکەم، ئەگەر گۆرانییەك بە دڵم بێت و بزانم بە دڵی جەماوەر دەبێت لە هەمان کاتدا ســـوودی دەبێت بۆ کلتووری رەسەنی کوردی، دەیڵێم.

*** ئایا لاوەکان توانیویانە وەك پێویســـت خزمەت بە هونەری کوردی بگەیەنن؟**

- زۆر جـــار کەســـانێك هەن کارێك ئەنجام دەدەن بـــە نیازی ئەوەی خزمەت بە هونەری کوردی بکەن و زۆریش ماندوو دەبن، بەڵام لەوانەیە هەوڵەکانیان بە پێچەوانە بشـــکێتەوە و لە جیاتی ئەوەی ســـوودی بۆ هونەری کوردی هەبێت زیانی زیاتر بێت، من ســـەر وسیمای هونەری لای ئەو کەسانە نابینم و گۆرانییەکانیشیان لە ئاستێکی زۆر نزمدان.

*** چۆن دەتوانین هونەری رەسەنی خۆمان بپارێزین؟**

- ئەوەی راســـتی بێت هونەری کوردی هیـــچ کەموکوڕی نییە بۆ ئـــەوەی ئێمە بێین تا بیپارێزین، ئێمە بۆ خۆمان چەند کەســـانێکی بە کەموکوڕی زۆرەوە هێناومانەتە ناو هونەری رەســـەنی کوردی، بۆیە وا هەست دەکەین کە هونەرەکەمان کەموکوڕیی تێدایە.

*** ئەی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا هەیە تۆ چۆن پێناسەی دەکەیت؟**

-ئەوەی ئێســـتا لە گۆڕەپانی هونەری کوردیدا هەیەو بە ئاشـــکرا هەموو لایەك هەستی پێدەکەین، ناتوانین هیچی بۆ بڵێین یان پێناسەی بکەین، چونکە ئەوەندە لاوازە هەرچییەك بڵێیت هەر کەمە، هەندێك لەو کەسانە کە بە خۆیان دەڵێن هونەرمەند یان گۆرانیبێژ،هۆکاری سەرەکین لـــەوەی کە هونەری کوردی بۆ دواوە بگەڕێتەوە لە جیاتی ئەوەی پێش بکەوێت.

*** ئێستا هونەرمەندان و گرووپە هونەرییەکان رooیان لە نوێکردنەوەی گۆرانییەکانی هونەرمەندەکانی پێشوو کردووە، تۆ بۆ ئەم دیاردەیە چی دەڵێیت ؟**

**رێژەی ئەو کەسانەی کە تێکدەری هونەری رەسەنی کوردین زۆر زیادی کردووە، بۆیە دەبینین هونەری کوردی گەیشتۆتە ئەو رادەیەی پێی بڵێین کە لاواز بووە**

# ـــــه پێناسه ناكرێ



- من ئەمە بە كارێكی باش نابینم، چونكە ئەوەی پێشكەشی دەكەن لە ئاستێكی بەرزدا نییە كە تینوویەتی جەماوەر بشكێنێت و لێی رازی بێت.

*** ئەو كارە چ جیاوازییەكی لەگەڵ كاری تەقلیدا هەیە؟**

-نەخێر بەڕای من ئەم كارەش، جۆرێكە لە تەقلیدێكی بێ سەروبەر.

***هونەرمەندی سەركەوتوو كێیە؟**

-هونەرمەندی سەركەوتوو ئەوەیە كە هونەر لە خودی خۆیدا هەبێت، كاتێك دەردەكەوێت و ئەو بەهرەیەی هەبێت بتوانی دەری بخات، بەجۆرێك هونەرەكەی خۆی بیكات بە هونەرمەندێك كە هەموو لایەك شایەدی بۆ توانا هونەرییەكانی بدەن.

*** زۆر كەس گلەیی لە وەزارەتی رۆشنبیری دەكەن بەوەی كەمتەرخەمە بەرامبەر بە هونەرمەندان، تۆ چی دەڵێیت؟**

- من پێموایە كە وەزارەتی رۆشنبیری زۆر زۆر هاوكاری و پاڵپشتی هونەرمەندانی كوردستان بووە لە هەموو بوارێكدا، چ لە بواری گۆرانی و موزیك و شانۆ و سینەما و دراما و تەنانەت بواری شێوەكاریشدا.

*** هەستت بەوە كردووە كە جیاوازییەك كرا بێت لە نێوان هونەرمەندان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە؟**

- بێگومان جیاوازی هەیە،لە هەموو دنیاش ئەم جیاوازییە هەر هەیە و هەستی پێدەكرێت نەك تەنیا لێرە لە كوردستان، ئەم جیاوازییە دەبێ هەبێت لەنێوان تاكەكان و كارەكانیاندا، بەڵام لەسەر بنەمایەكی راست و درووست و زانستی، بە گشتی هاریكاری كردنی هونەرمەندان كارێكی پیرۆزە و پێویستە حكومەتی هەرێم گرنگیی زیاتری پێ بدات بۆ ئەوەی هونەرمەندان كۆ بكاتەوە و بەبێ منەتی ئەرشیفێكی هونەریی دەوڵەمەند بونیاد بنرێت.

***بەر لە ماوەیەك گوێمان لێ بوو كە باری تەندروستیت تێكچووە ئەمە تا چەند راست بوو؟**

- زۆر سوپاس بۆ هەواڵ پرسینتان، پەنا بە خوا من ئێستا زۆر باشم و ژیانیشم زۆر بە نۆرماڵ دەگوزەرێنم، بەر لە ماوەیەك بۆ ئەنجامدانی چەند پشكنینێكی تەندروستی ئاسایی رووم لە دەرەوەی وڵات كرد و نازانم ئەم هەواڵە چۆن بەو شێوەیە بڵاوكرایەوە، ئێستاش زۆر زۆر باشم.

*** بەرهەمی نوێت هەیە؟**

- بەڵێ ئێستا خەریكی كاركردنم لە بەرهەمێكی نوێی هونەری و كارەكانی بەرەو كۆتایی دەچن، پەنا بە خوا لە ماوەیەكی نزیكدا تەواو دەبێت و پێشكەشی جەماوەری خۆمی دەكەم.